
دەریا ڕەواندزی

**لەناخمدا کات وەستاوە**

1
چۆن عاشق بم
کاتێك...
لەدابڕان بترسم
وەرە..
بەڵێن بدە
کەشتی عیشقت
لەکەناری دەریادا
ئارام بگرێ
تاکو دەریا-ش
بۆ هەتایە
شەپۆلی عیشقی
هەر بۆ تۆ بێ!.

2
لە عیشقی چاوانم
ئەترسم رۆژێک بێت، و
نەتبینمەو
لە تەنیایدا بمرم
خودایە یارمەتیم بدە
بێدەنگی ژوورەکەم
ئەشکێنێ دەنگی لێدانی

کاتژمێری دیوارەکەم

3
تۆ...
هەنگاوێك نزیك بەرەوە
تەواوی تەمەنم
بەچاوەڕوانیت دەبەخشم و
هەموو ئێوارەیەك
وەك مۆم
بۆ ڕۆشنایی ڕێگاکانی هاتنەوەت
دەسوتێم!.
4
وەرە
وەك باران ئاوێتەم بە
بڕژێ بەسەر ناخی دەریا
هەست بە نەرمە شەپۆلەکانی
عیشق بکە
ترپەی پێی (با) ببیستە
کەبەسەر لێوی دەریا
بەچاوەڕوانی هاتنت
بەرەو کەنار
هەنگاو دەنێن
ئاخر تۆ
لەرەگەزی بارانی و
بۆنی باران دەکەم.
5
لەتاریکی شەودا وەرە
خۆم دەتدۆزمەوە
وەك مانگ
لەکەناری دەریا

ڕاکشێ
ترپەکانی دڵم
دەبیستی و
خونچەی لێوت
بەهەناسەی عیشقم
دەپشکوێ
ئیتر شەوێك
چاوەڕوانیم بشکێنەو
وەك ئەستێرە
لەئاسمانی دڵی منا
دەرکەوە!.
6
دووریەکان
هیچ ناگۆڕن
لەعیشقی من
بۆ هەزار ساڵ
خۆشم ویستوی
وەك گڵێنەی چاوەکانم
دەتپارێزم
تاکو تۆ دێی
ڕێگە نادەم
کات تێپەڕێ
لەناخمدا کات وەستاوە
ناهێڵم هیچ شتێ بڕوات
دەستت بێنە
وەك پەروانە
عاشقت دەبم
بۆت دەمرم!.
7
تێناگەم...

چ چارەنوسێکم هەیە
ئەوەندە دوور دەڕۆیت و
نایەیتەوە
کەی سەفەری باران
لەدوو وەرز تێپەڕی کردوە
خودایە...
تێنوێتی دەریا
بە بارانی عیشق بشکێنە
زۆر لەمێژە
خەندەی عیشقی
لەسەر لێوی سەوز نەبووە
ژووری تەنیایی
ترپەی دوو دڵی نەبیستوە
گوڵی ئینجانەکان
بەشیرینی ماچێك
خونچەیان نەکردوە
کەی خۆری رووت
لەژوورەکەم
دەردەکەوێ؟!.
8
دەزانم دێی
وەك ئەو با-یەی
هەموو شەوێ
پەردەی پەنجەرەم لادەداو
خۆی دەخزێنێتە
پێخەڤەکەم
تۆ...
زۆر دووری
کەچی چاو دادەخەم
لەسۆمای چاوانم خەوتوی!.

9
لەهەر کوێ بی
دەتدۆزمەوە
کات بوو
عیشقی تۆی پێدام
تۆی بۆ هێنام
بۆ هەزار ساڵ
خۆشم دەوێی
بۆ هەزار ساڵ
زیاتر
لەدڵما
دەژیت و دەمێنیتەوە!.
10
هەر کات هاتی
گومان مەکە
کە باوەشم نەکەمەوە
بۆ عیشق و ئەوینی تۆ
کەی زانیوتە
دەریا باوەش نەکاتەوە
بۆ چاوی تەڕی باران
کەی زانیوتە
ناخی دەریا پاك نەبێ و
عیشقی بۆ ئاسمان و ئاو نەبێ
دەی مەترسە
دڵی دەریا
هەر بۆ تۆیەو بۆ تۆ دەبێ!.

کەندا/ئەلبێرتا دەریا رەواندزی